## کۆلێج و بەشەکان:

### کۆلێجی ئەندازیاری:
بەشی ئەندازیاری کۆمپیتەر
بەشی ئەندازیاری کانزاکاری و کانزاناسی
بەشی ئەندازیاری کارەبا
بەشی ئەندازیاری میکانیک
بەشی ئەندازیاری شارستانی
بەشی ئەندازیاری پیشەسازی
بەشی ئەندازیاری چنین
بەشی ئەندازیاری کیمیایی و پۆلیمەر

### کۆلێجی مرۆڤایەتی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان:
بەشی یاسا و زانستی سیاسییەکان
بەشی ئابووری و بەڕێوەبردن و ژمێریاریی
بەشی جوگرافیا
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان
بەشی دەروونی و زانستە پەروەردەییەکان
بەشی زمانە بیانییەکان
بەشی زمان و ئەدەبی فارسی
بەشی ئاییناسی

### کۆلێجی زانست:
بەشی کیمیا
بەشی زیندەوەرزانی
بەشی جیۆلۆجی
بەشی فیزیا
بەشی زانستە بیرکارییەکان

### سکوڵی هونەر وتەلارسازی:
بەشی پلانی شارستانی
بەشی وێنەکێشان
بەشی تەلارسازی

### سکوڵی سەرچاوە سروشتیەکان و لێکۆڵینەوە لە بیابان:
بەشی بەڕێوبەردنی خاکی ڕووتەنی و بیابان
بەشی زانستە ژینگەییەکان
بەشی بەڕێوەبەردنی ئاوڕێژ و کێڵگەیی

## نوسینگەی نێودەوڵەتی و هەماهەنگی زانستی(isco):

نوسینگەی نێودەوڵەتی و هەماهەنگی زانستی (isco)ی زانکۆی یەزد هەوڵدەدات گەشە بە هەماهەنگی هاوبەش و ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی بدات لەنێوان وڵاتی ئێران و وڵاتانی دیکەدا بە مەبەستی باشترکردنی توێژینەوەکان وە کۆرسی هاوبەشی خوێندن لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی تایبەت لەسەر هەلی بودجەی تەرخانکراوی نێودەوڵەتی. نووسینگەکە ئامانجی ئەوەیە کە برەوبدات بە ڕەوشی ئەکادیمی و توێژینەوە لە زانکۆکە لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا.

زانکۆکە بوارێکی فراوانی هەیە لە توانای توێژینەوە. ئامادە کردنی ژینگەی توێژینەوەی داینامیکی لەگەڵ توێژەرە داهێنەرەکان، زانکۆی یەزد هەل دەبەخشێت بە هەردوو خوێندکار و پرۆفیسۆرەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی چالاک بوارەکانی خۆیان بدۆزنەوە وە ئاسانکاری دەکات بۆ ئەو پەیوەندییە چالاکەیان بۆ ئەوەی پەیوەندییە ئەکادیمییەکان و هەماهەنگییان فراوان بکەن، لەبەرئەوە ئەندامە زۆر لێهاتووەکانی کۆلێج دەستەبەری ئەوەن کە خوێندکارەکان زانیاری هاوچەرخیان پێبدرێت بە گوێرەی ستاندارده نێودەوڵەتییە باوەڕپێکراوەکان وە بڕوانامەیەک بەدەست دەهێنن کە لە پێشبڕکێدایە لە کاری بازاڕی ئەمڕۆدا.

ڕێککەوتن و یاداشت نامەکانی زانکۆی یەزد کە لە ماوەی ٥ساڵی ڕابردوو واژۆ کراون:
- زانکۆی چێیتی - پاسکارا ، ئیتاڵیا
- زانکۆی نیکۆلۆ کوسانۆ ، ئیتاڵیا
- زانکۆی ساپیێنزا ، ئیتاڵیا
- زانکۆی گرۆنێنگێن ، هۆڵەندا
- زانکۆی هۆچولێ ۆرمس بۆ زانستە کردەییەکان ، ئەڵمانیا
- زانکۆی ڕۆستۆک ، ئەڵمانیا
- هۆچولێ ڤاییێنستێفان-ترایسدۆرف ، ئەڵمانیا
- زانکۆی کۆڵن بۆ زانستە کردەییەکان ، ئەڵمانیا
- زانکۆی کارینسیا بۆ زانستی کردەیی ، نەمسا
- پەیمانگای توێژینەوەی زانستی کەرەستەی فڕۆکەوانی ، ڕووسیا
- زانکۆی سزجێت ، هەنگاریا
- زانکۆی پۆرتۆ ، پرتوگال
- زاکۆی ئێیجیان ، یۆنان
- زانکۆی ئێسترن مێدیتێرانیان ، باکووری قوبرس
- زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر ، کوردستان
- پەیمانگای ئەل-وەتەنی بۆ خوێندنی باڵا ، عێراق
- یەکێتی ئەکادیمی ئەل-فەرابی ، عێراق
- زانکۆی گەدجە مادا ، ئەندەنوسیا
- زانکۆی جیهان بەنگلادیش ، بەنگلادیش
- زانکۆی هەرێمی یەریڤان ، ئەرمینیا




## دەربارەی زانکۆی یەزد :

بنیادنانی زانکۆی یەزد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٩. ئەم زانکۆیە دەکەوێتە شاری یەزدەوە کە ناسراوە بە سەنتەری تەلارسازی ئێران. لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری پەیکەر و شوێنەواری ئاینیی، یەزد خاوەنی کەلەپورێکی دەوڵەمەندە بە کلتور و شارستانییە کۆنەکان بە درێژایی سەردەمە مێژووییە جیاوازەکانی ئێران. زانکۆی یەزد زانکۆیەکی حوکمییە، کە بۆ یەکەم جار خوێندکارانی لە بواری ئەندازیاری شارستانی وەرگرت، هێواش هێواش دەستیکرد بە وەرگتنی خوێندکاران لە بوارەکانی دیکەی خوێندندا لە ڕێگەی پەرەپێدانی چالاکییە فێرکارییەکان و توێژینەوەی بەرفراوان لە هەموو بوارەکاندا.

سێ کەمپ و دوو سکووڵی سەربەخۆ لەخۆ دەگرێت، کە هەموویان لەناو یاخود لە نزیک شاری یەزدن. کەمپی سەرەکی زانکۆکە لە ٣ کۆلێج و ٢٧ بەش پێکدێت.

لە ئێستادا زانکۆکە ژمارەیەکی زۆرخول دەکاتەوە بۆ نزیکی ١٥٠٠٠خوێندکار، بەپێی ٥٥ پڕۆگرامی ئەکادیمی بۆ ٤٧بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ١١٠ بڕوانامەی ماستەر و ٥٥ بڕوانامەی دکتۆرا. لە ئێستادا نزیکەی ٤٨٠ ئەندامی کۆلێج و ٣٥٠ کارمەندی هەیە کە ئەمەش وادەکات زانکۆی یەزد ببێت بە یەکێک لە زانکۆ گرنگە باوەڕپێکراوەکان لە ئێراندا.

زانکۆی یەزد بە ڕووبەرە گشتییەکەوە کە بریتییە لە ٣٨٠ هێکتار، دەکەوێتە شاری یەزد. ڕووبەری کەمپە سەرەکییەکەی بریتییە لە ٣٥٠ هێکتار، وە ڕووبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی بریتییە لە ٣٠ هێکتار. ڕووبەری سەوزاییەکەی بریتییە لە ٣٠ هێکتار، وە ٢٣ هێکتاریشی تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی بینا. ئەم بەرەوپێشچوونە بەهۆی هەوڵی زۆری بەڕێوەبەران ، کارمەندان ،مامۆستایان ،ڕاگرانی کۆلێجەکان ،دەرچوانی زانکۆ و خوێندکارانەوەیە.

لەم بەرەوپێشچوونەدا، زانکۆکە گرنگیدان بە داهێنان زیاد دەکات و تیشک دەخاتە سەر پاڵپشتی کردنی بەهرەمەندەکان.

ئامانجی ئێمە برەودانە بە گواستنەوەی پڕۆسەی داهێنان و تەکنەلۆجیا لە دۆزینەوە و داهێنانەوە بۆ بەرجەستەکرن و بە ڕاستیکردنی دروستکراوە زیرەکە هەمەجۆرەکان.

ئێمە بڕوامان وایە کە هاوکاریکردنی زانستی و ئەکادیمی کلیلی زێڕینە بۆ گەیاندنی نەتەوەکان بە ئاشتی و گەشەسەندن.

> “We believe that scientific and academic cooperation is the golden key to bringing nations into peace and development.”



دانشگاه یزد
**Yazd University**

8th, 2020 Rank among the Comprehensive Universities in IRAN

ISC World University Rankings

www.yazd.ac.ir

Address: University Blvd, Safayieh, Yazd, Iran
Tel : +98 (35) 31 23 40 55 Email : isco@yazd.ac.ir
Fax: +98 (35) 38 20 01 49 PO Box: 9 8 1 9 5 - 7 4 1

## نێودەوڵەتی:

یەکێکە لە ئەندامانی یەکێتی نێودەوڵەتی زانکۆکان (IAU)

زانکۆی یەزد لە ڕیزبەندی ٨٠٠+ زانکۆ بەناوبانگەکەی جیهاندایە (QS)

یەکێکە لە ٢٠٠ زانکۆ پێشەنگە هەرە نوێیەکانی جیهان(THE)

زانکۆی یەزد لە ڕیزبەندی یەکێک لە ١٣ زانکۆ پێشەنگ و بەناوبانگەکەی ئێراندایە (پلە وپایەی زانکۆی نێودەوڵەتی)

زانکۆی یەزد لە ڕیزبەندی یەکێک لە ١٢ زانکۆ ناپزیشکییە پێشەنگەکانی ئێراندایە (URAP)

زانایانی زانکۆی یەزد لە سەدا یەکی زانا بەناوبانگەکانی جیهان پێکدێنن لە (THOMSON REUTERS)دا

خانەی بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی وڵاتی ئێرانە لە هاوکاری زانستیدایە لەگەڵ وڵاتی هەنگاریا (www.iranhungary.org)

داندەنێت بە خوێندکار و ستافی ئەکادیمی لە هەموو نەتەوە جیاوازەکاندا

سکۆلەرشیپی هەمەجۆر دەدات بە خوێندکاری نێودەوڵەتی

## شەرەفمەندییەکان:




- زیاتر لە ٧٠٪ دەرچوانی زانکۆی یەزد سەرکەوتوون لە بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی خوێندنی باڵا
- داهێنان لە بواری بەرهەمەکانی بایۆ تێکنەلۆجی
- سالانە بڵاوکردنەوەی ناونیشانی زیاتر لە ٣٠ کتێب ،١١ ڕۆژنامە هەروەها نزیکەی ٦٠٠٠ پەیپەر و بابەتی دروستی نەتەوەیی و ڕۆژنامەی نێودەوڵەتی
- دامەزراندی یەکەم وێبسایتی گەڕانی فارسی، بە ناوی پارسیجۆ (Par-sijo)
- پلەوپایەی بەرز (Top Ranks) بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێندکارانی نێودەوڵەتی
- دەستکەوتی نایاب لە ئۆلۆمپیک و فیستیڤاڵ و کۆنفرانسە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان
- دیاریکردنی دوو بەشە ناوخۆیی لە زانکۆی یەزد وەکو باشترین بەشە ناوخۆی لە ئێران
- بەرزکردنەوەی پلەکەی لە پلەی ٢٣ لە ساڵی ٢٠١٤ دا بۆ پلەی ١٠ لە ساڵی ٢٠١٧ دا لە ئۆلۆمپیکی وەرزشی
- نزیکەی ٣٠٠٠٠ خوێندکاری دەرچووی بە بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ٨٠٠٠خوێندکاری دەرچوو بە بڕوانامەی ماستەر وە ٢٢٠ خوێندکاری دەرچووی بە بڕوانامەی دکتۆرا هەیە
- بەڕێوبردنی نزیکەی ١٠٠ کۆنفرانسی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی
- نزیکەی ١٠٠ بەڵگەنامەی داهێنان
- دەستکردن بە نزیکەی ٣٦٠ پڕۆژەی توێژینەوە لە ناوەوە و دەرەوەی زانکۆ

## ناوەندەکانی توژینەوە:

زانکۆی یەزد ناوەندی توێژینەوەی گونجاوی هەیە بە سەرنج خستنە سەر ئەو مەیدان و بابەتە جیاوازانەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

- ناوەندی توێژینەوە بۆ زانستی ئەندازیاری و کردەیی
- ناوەندی توێژینەوە بۆ وەبەرهێنان و کوالێتی
- ناوەندی توێژینەوە بۆ خوێندنی زانست و تەکنەلۆجیا
- ناوەندی توێژینەوە بۆ سیرامیک و کاشی
- ناوەندی توێژینەوە بۆ گواستنەوەی بەردەوام
- ناوەندی توێژینەوە بۆ وزەی نوێ بووەوە
- ناوەندی توێژینەوەی خوێندنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی
- ناوەندی توێژینەوە بۆ گەشەی مرۆیی
- ناوەندی توێژینەوەی زەوی وشک و بیابان
- ناوەندی توێژینەوەی تەلارسازی سرووشتی
- ناوەندی توێژینەوەی سیستەمی زیرەک
- ناوەندی توێژینەوەی تەکنەلۆجیای هەڵکۆڵینی کانزا
- ناوەندی توێژینەوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی
- ناوەندی توێژینەوەی با پێوی نێودەوڵەتی

## کتێبخانە:

کتێبخانەی زانکۆی یەزد کتێبخانەیەکی ناوەندی و کتێبخانەیەکی هونەر و تەلارسازی لەخۆ دەگرێت

**دەروازەی چوونە ژوورەوەی کتێبخانە:**

هەموو زانیارییەکان دەربارەی کتێبخانەی زانکۆی یەزد تۆمارکراوە و بەردەستە لەم ناونیشانەی خوارەوەدا:

http://library.yazd.ac.ir

| | |
|---|---|
| Books in Persian | 200000 |
| Books in English | 50000 |
| Persian periodicals | 40000 |
| English periodicals | 20000 |
| Electronic resources | Science Direct, Springer Link, Wiley, Scopus, Emerald, Sage, Proquest, Web Of Knowledge And Others |
| Total resources | 500000 |



## ژیانی ناو زانکۆ:

نوسینگەی بەڕێوبەرایەتی بەشە ناوخۆیی یەکەیەکی یاریدەدەری کاروباری خوێندکارانە.

بەگوێرەی پەیڕەو و ڕێنوێنییەکان، ڕێزگرتن لە خوێندکارەکان و تایبەتمەندی و خەسڵەتە کلتووریەکانیان و هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانیان ئەرکێکی لەپێشینەی نووسینگەکەیە.

هەندێک لە مەبەست و دەستکەوتەکانی نوسینگەکە لە خوارەوەدا ئاماژەی پێکراوە:

- دیاریکردنی دوو بەشە ناوخۆی لە زانکۆی یەزد وەکو بەشە ناوخۆییە نایابەکانی ئێران
- وەدەستخستنی سەرچاوەی دەرەکی بۆ بەشە ناوخۆیی، هاوکاری کردنی دارایی لە پێشکەشکردنی ژەمە خۆراک لە ڕێستۆرانتەکان و بۆفییە کراوەکاندا، دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری خۆڕایی بۆ هاتووچۆ کردن بە پاس و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل
- زیادکردنی ئاسایش و ئارامی بە دانانی سیستەمی زیرەک بۆ چاودێریکردنی هاتوو و ڕۆشتووی بەشە ناوخۆیی زانکۆکە، بۆ کوڕان و کچان.
- چاودێری تەندروستی و ڕاوێژکاری

ناوەندی چاودێری تەندروستی و ڕاوێژکاری لە زانکۆی یەزد ٢١ ڕاوێژکار لەخۆ دەگرێت کە سێ لەم ڕاوێژکارانە ئەندامی کۆلێژن. ناوەندەکە ڕاوێژکاری ڕۆژانە تەرخان دەکات بۆ خوێندکار و نەخۆشەکانی دیکە. تێگەیشتنەکە بەسوودە لە ڕووی پەروەردە و تەندروستی و بەکاردێت بۆ زانینی داخوازییەکانی نەخۆشەکان و وەڵامدانەوەی داخوازی و پێویستییەکانیان. ناوەندەکە کلینیکێکی تایبەتی دابین کردووە کە پزیشکی گشتی و ددانی تێدایە و هەموو خزمەتگوزارییەکی ددان دابین دەکەن. ئەندامانی ستافی ناوەندە کلینیکەکە تەرخان کراون بۆ چارەسەرکردنێکی کاریگەر و درکپێکردنی کە لە ئەستۆی ئەواندایە پشتگیری ئەو کەسانە بکەن کە کێشەی تەندروستیان هەیە .

## وەرگرتنی خوێندکار و هەنگاوەکانی خوێندنی ئەکادیمی بە شێوەیەکی نێودەوڵەتی:

لە ئێستادا نزیکەی ١٨٠ قوتابی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی جیاوازەوە لە زانکۆی یەزد بەردەوامن لە خوێندن بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە. بە دڵنیاییەوە ناوبانگی زانکۆکە زیاتر بووە بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیانی بیانی کە سەرسام بوون بە ئێمە.

زانکۆی یەزد ژمارەیەکی سنوردار لە سکۆلەرشیپ (خوێندنی خۆڕایی) پێشکەش دەکات بۆ خوێندکارە نێودەوڵەتییەکان. ئەم سکۆلەرشیپانە کرێی خوێندن و کرێی بەشە ناوخۆیی لە خۆ دەگرێت. خوێندکارە وەرگیراوەکان دەتوانن کەل وپەلەکانی دیکەی زانکۆ بەکاربهێنن بۆ نموونە خواردن و کەل وپەلە پزیشکیەکان بە نرخێکی داشکێندراو.

داواکارەکان دەتوانن بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕەکە بکەن. بۆ گرتنەبەری یەکەم هەنگاو، داواکارەکان دەتوانن داواکانیان پێشکەش بکەن لەڕێگەی سیستەمی داواکاری ئۆنلاین لە:
.http://admission.yazd.ac.ir/apply

وە دەشتوانن لە مانگی تشرینی یەکەم (October) بۆ شوبات (Feb-ruary) داواکاری پێشکەش بکەن بۆ خۆتۆمارکردن و بەدەستهێنانی سکۆلەرشیپ. پێویستە لە سەرەتادا بەڵگەنامە داواکراوەکان ئامادە بکەن وەک وێنەی پاسپۆرت، کۆپیەکی پاسپۆرتەکەیان و بڕوانامەکانیان و بڕوانامەی وەرگیراو لە پەڕاوی زانکۆ (لە دوا ناوەندییەوە). پێشکەشکردنی داواکارییەکە ١٠ هەنگاوە. داواکارەکان ئیمەیڵێکی دڵنیاکەرەوەیان بۆ دەنێردرێت لە کۆتایی پرۆسەکەدا. بە ئیمەیڵ ئاگادار دەبن لە هەموو گۆڕانێک لە ڕەوتی داواکردنەکەیان. هەنگاو بە هەنگاوی بەرنامەکە بۆ داواکردن لە ماڵپەڕەکەدا بەردەستە.

### چۆنیەتی خۆ تۆمار کردن:

خوێندکارە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن ناو تۆمار بکەن بۆ ئەو بڕوانامانەی کە لە لایەن سیستەمی داخوازینامەیی ئۆنلاینی زانکۆی یەزدەوە دابینکراوە، ئەویش بە ناردنی پرسیارەکانیان بۆ ئەم ناونیشانەی خوارەوە دەربارەی مەرجەکان:
.Http://admission.yazd.ac.ir/apply

بینای تایبەت تەرخان کراوە بۆ سەردانکردنی ڕاوێژکارەکان ( جیا بە جیا بۆ نێر و مێ)

زانیارییەکان دەربارەی نرخ و ماوە لە ڕێگەی ئەم ناونیشانەوە وەدەست دەخرێت:
isco@yazd.ac.ir












## وەرزش لە زانکۆی یەزد:

بۆ هەریەک لە خوێندکاران و ستافی زانکۆ وەرزش بەشێکی گرنگە لە ژیانی کۆمەڵگەی زانکۆی یەزد. زانکۆی یەزد هۆڵی لەش ڕێکی، مەلەوانگە، بوارەکانی وەرزش و هەروەها کەل وپەلی مۆدێرنی یارییەکانی؛ بالە، بالەی کەنار دەریا، تۆپی سەرمێز، لەش جوانی، تۆپی پێ و تۆپی پێی کەنار دەریا، تیر هاویشتن، خلیسکێنەی سەر بەفر، شەترەنج، مەلەکردن، چارەسەری ئاوی، یاری تۆپی دەست، گۆڕەپان و مەیدان، باسکە، چالاکی تەندروستی، یاری ڕیشە، زۆرانبازی، هونەری کاراتی، وەرزشی جومناستیکی، وەرزشی ئایرۆبیک، پاسکیل سواری و شاخەوانی دابین دەکات.

